# ڕ اگەیاندنی کۆنفرانسی ناوەندی ڕۆشنبیری کورد / ئوستراليا

ڕۆژی 12/ 2 / 2006 ناوەندی ڕۆشنبیری کورد / ئوستراليا کۆبوونەوەی ساڵانەی خۆی بەست.

سەرەتا سەرۆکی دەستەی کارگێڕی ڕاپۆرتی دەستەی کارگێڕی خستەڕوو سەبارەت بەچالاکی و کەم وکوڕیەکانی ناوەند لە ماوەی پێشوو و بەدوایدا ڕاپۆرتی دارایی خرایەڕوو.

پاشان ئامادەبووان ڕاوبۆچوون وسەرنجی خۆیان دەربڕی لەسەر ڕاپۆرتەکە و یەکڕابوون سەبارەت بە دوایی هێنان بەسستی کارەکانی ناوەند و پێویستی چالاککردنەوەی بۆ گێڕانی ڕۆڵی شیاوی خۆی لەناو جالیەی کورد لەئوستراليا . هەروەها هەموو پێیان داگرت لەسەر پەرەپێدان بەو چالاکیانە وپێویستی بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ ناوەند وکۆڕوکۆمەڵەکانی هاوچەشنی خۆی لەهەرشوێنێک هەبن.

بەشێکی تری کۆنفرانسەکە تایبەت بوو بە هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی نوێ ی ناوەند.

لەم بەشەدا ئامادەبووان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە هەموویان بۆ بەرجەستەکردنەوەی هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانە خۆیان کاندید بکەن بۆ هەڵبژاردن بۆ دەستەی کارگێڕی. سەرەنجام لەکۆبوونەوەکەدا دەستەی کارگێڕی نوێ لەم کەسانەی خوارەوە هەڵبژێردران.

1 / ئەحمەد معین 2 / سەلاحی گەرمیان 3 / عەباس بۆسکانی

هەروەها هەریەک لە 1 / د. پشتیوان عبدالله 2 / ڕازاو بەهرامی بەئەندامی ئیحتیات هەڵبژێردران.

لەکۆتایی کۆبوونەوەکەشدا دەستەی کارگێڕی ڕاسپێردرا کە بەرنامەی نوێ ی کارەکانی دابڕێژێ و کاردابەشکردنێکی گونجاو لەنێوان ئەندامەکانیدا پەیڕەوی بکات تا چالاکیەکانی بەشێوەیەکی زیندووتر ئەنجام بدات و بەکۆمەل ڕووبەڕووی ئەرکەکانی داهاتووی ناوەند ببنەوە.

بۆ ئەو مەبەستەش دەستەی کارگێڕی ڕۆژی 4 / 3 / 2006 یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا دەستەی کارگێڕی کۆمەڵێک ئەرک وچالاکی دەسنیشان کرد و دواتر ئەحمەد معین بە بەڕێوەبەر ی ناوەند دەسنیشان کرا.

دەستەی کارگێڕی
ناوەندی ڕۆشنبیری کورد / ئوستراليا
سەرەتای ئازاری 2006